# سوپاس بۆ هەموو ئەو دەنگانەی داوای ئازادیی ئێمەیان کرد

دوێنێ کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆ بە فەرمانی دادوەر و بەپێی مادەی 433 لە یاسای سزاکانی عێراقی ساڵی 1969 و بە سکاڵایەکی وەزارەتی ناوخۆی کوردستان لە هەولێر، مەفرەزەیەکی پۆلیس بۆ دەستگیرکردنی هەردووکمان هاتنە بارەگەی رۆژنامەی میدیا و پەیمانگەی کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان و دەستگیرکراین و براین بۆ بنکەی پۆلیسی خانەقا و لەوێ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردین و دواتر لەلایەن (محقق عدلی) لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ کرا، کاتژمێر 4ی ئێوارەی دوێنێ فەرمانی گواستنەوەمان بۆ زیندانی محەتە لەلایەن دادوەرەوە بڕیاری لەسەر درا .

فەرمانی دادوەر کە لەکاتی گرتنمان بەدەست پۆلیسەکانەوە بوو، ئەوەشی تێدا هاتبوو کە بۆیان هەیە ماڵەکانمان بپشکنن، بەڵام ئەوە نەکرا و بردراین بۆ بنکەی پۆلیس . لەو رووەوە لێدوانێك لەسەر زاری (ئاكۆ محەمەد) لە رۆژنامەی ئازیزی (هاوڵاتی)دا بڵاوکراوەتەوە کە ئەو لێدوانە ئەساسی نییە و برادەرانی هاوڵاتی رۆژی چوارشەممە پەیوەندییان بە ئاکۆ محەمەدەوە کردووە و تەنیا ئەوەیان پێ گوتووە کە هەواڵەکەیان بڵاوکردووەتەوە .

بەپێی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، هەر جۆرە لێکۆڵینەوە و گرتنێك لەگەڵ ئەندامانی سەندیکا بەبێ ئاگادارکردنەوەی سەندیکا نابێ بکرێ، بەڵام گرتنی ئێمە بەبێ ئاگادارکردنەوەی سەندیکا و زۆر بە کتوپڕی ئەنجام درا لە کاتێکدا ئێمە هەردووکمان ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسانین و ئێستا بە کەفالەت تا رۆژی دادگاییکردن ئازادکراوین .

ئەو تاوانەی کە دراوەتە پاڵمان ئەوە بووە کە راپرسییەکەمان بەبێ مۆڵەت ئەنجام داوە و تەشهیرمان بە وەزارەتی ناوخۆ کردووە لە کاتێکدا (میدیا) و پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان مۆڵەتی رەسمییان هەیە و کارێکی سەرەکی ئەو پەیمانگە مۆڵەت پێدراوەش ئەنجامدانی راپرسییە و ئەوە چەند ساڵێشە هیچ دەزگا و رۆژنامەیەك لەسەر ئەنجامدانی راپرسی بەبێ مۆڵەت شکایەتی لێنەکراوە و رێگە لەکەس نەگیراوە راپرسی ئەنجام بدات و کارەکەی ئێمە هیچ نزیکییەکی لە گەڵ تەشهیر و ناوزڕاندندا نییە و تەنیا گواستنەوەی رای خەڵك بووە.

ئێمە لێرەدا سوپاسی هەموو ئەو رۆژنامە و ماڵپەر و نووسەرانە دەکەین کە داوای ئازادکردنی ئێمەیان کردووە و هەروەها ئەوانەی وەك هاوپشتی و داوای ئازادکردن لە بنکەی خانەقا سەردانیان کردین و هیواداریـن کەسی دیکە وەکو ئێمە دەستگیر نەکرێ و هیچ کۆسپێك لەبەردەم ئازادیی راگەیاندن و ئازادییە گشتییەکاندا دانەنرێت، چونکە ئەو وڵاتانە سەربەرزن کە ئازادییان تێدا بەرقەرارە و زیندانەکانیان چۆڵن لە رۆژنامەنووس و کەسانی گیراو لە سەر ئازادی رادەربڕین.
لێرەشەوە هیوادەخوازین کارێکی جیدیی بۆ پیاچوونەوە بە هەموو ئەو یاساییانەدا بکرێت کە هی سەردەمی پێشوون و لە گەڵ خەون و خەباتی چەند ساڵەی کورد لە پێناو ئازادیدا ناگونجێن.

ئاکۆ محەمەد
سەرنووسەری میدیا

موسا ئەحمەد
بەرپرسی پەیمانگای کوردستان
بۆ پرسە سیاسییەکان